# چۆن لە هەڵبژاردنی ئایندەدا خۆمان لە لیستی ڕەش بپارێزین

د.فایق محەمەد گوڵپی

یەك لە ئەركەكانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، چاودێریكردن و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە لەسەر پڕۆسەكانی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری جهاندا , لە ولاَتێكی وەك عێراقدا ,بە كوردستانیشەوە ، كە لە ژێر دەسەلاَتی داگیركەردایە و هەنگاوی سەرەتایی پێ ئەهاوێژێ بەرەو پەیڕەوكردنی سیستەمی دیمۆكراسی , ئەم چاودێریكردنە گرنگی تەواوی دەبێت .

پاش هەڵبژاردنەكانی 29-1-2005 عێراق ، نەتەوە یەكگرتووەكان زانیاریەكی باشی لە ڕێگەی تۆڕی ڕێكخراوەكانی چاودێری هەڵبژاردنەوە لەسەر هەڵبژاردنەكان كۆكردەوە ، لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە ، پێنج پارێزگا لە كۆی هەژدە پارێزگای عێراق كەوتنە ناو لیستی ڕەشی هەڵبژاردنەوە, كە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆكی تێدا بوو . ئەم هەڵسەنگاندنەی( یۆئێن ) بۆ هەڵبژاردنەكانی هەرێمی باشوری كوردستان هەڵوێستێكی چاوەڕوانكراو بوو . ئەوانەی وەك ئێمە لە نزیكەوە هەڵمەتی هەڵبژاردن و پڕۆسەی هەڵبژاردنەكەی دیبێت و بە سۆزی نەتەوە پەرستیەوە نەڕوانێتە ئەو بڕیارەی نەتەوە یەكگرتووەكان هیچ لاریەكی لە بڕیارەكە نیە . چونكە ئەوەی كە پێش هەڵبژاردن دیمان بریتی بوو لە كۆمەلێك هەنگاوی نایاسایی و نادیمۆكراتی كە هەردوو حزبی دەسەلاَتداری هەرێم دژی هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەكتر و هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبەكانی تر دەینهاویشت . حزبە دەسەلاَتدارەكان بە پێچەوانەی بڕیارەكانی كۆمسیۆنی بالاَی هەڵبژاردنەوە هەڵسوكەوتی نایاساییان كرد ، تا كۆتایی هاتنی پڕۆسەكە هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بەردەوام بوو . لە چەندان شوێن وەك هەڵبجە و خۆرماڵ و سەیدسادق , سۆران و حەریر و ....چەندان كادیری پارتی و یەكێتی كۆمەل و پارتی چارەسەری و یەكگرتووی ئیسلامی دەستگیر كران و سوكایەتیان پێكرا . چەندان چاودێری لایەنە سیاسیەكان بە فڕوفێڵ و زەبروزەنگ لەلایەن دام و دەزگاكانی حزبی دەسەلاَتدارەوە لە سەر سندوقی چاودێری دەركران بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێكی یاساییان لە دژی پڕۆسەی هەڵبژاردن ئە نجام دابێت . .

لە كاتی پڕۆسەی دەنگداندا ، بەتایبەتی بۆ هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاكان حزبی دەسەلاَتدار هەرچی توانای دارایی و ئیداری و سەربازی هەبوو ، بۆ بەدەست هێنانی دەنگی زیاتر خستیەگەڕ ، چەندان شێوەی ساختەكاری بۆ ئە نجامدانی ئەم كارە پەیڕەوكرا، هەر لە نەخوێندنەوەی دەنگی هەندێك لە لیستەكان ، تا خوێندنەوەی دەنگی لیستێكی تایبەت بۆ لیستی حزبی دەسەلاَتدار . بە نموونە لە بنكەیەكی دەنگدانی شاری سلێمانیدا 3 سێ كادری حزبی شیوعی كۆردستان دەنگیان بە لیستی حزبی شیوعی عێراق (یەكێتی گەل ) دابوو ، دوای دەرچوونی ئە نجامەكان دیبوویان كە لیستی ناوبراو لەو بنكەیەدا هیچ دەنگێكی بە دەست نەهێناوە ، كادرەكان دەچنە كۆمسیۆنی بالاَی هەڵبژاردنی سلێمانی شكات ئەكەن ،

کۆمسیۆن هاوکاریان ئەکات و جارێکیتر دەنگی ئەو بنکەیە دەژمێرن دەبینن لیستی حزبی شیوعی عێراق لەو بنکەیەدا 6 شەش دەنگی بە دەستهێناوە ( 1 ).

لە ڕیفراندۆمی ڕشنووسی دەستوردا کە لە 15-10-2005 بەڕێوەچوو لەبنکەیەکی شارۆچکەی پێنجوێن 1650 (هەزارو شەشسەدوپەنجا) پسولەی سپی لەکۆی 2820 (دوهەزاروهەشتسەدوبیست ) پسوڵە مابوونەوە، نوێنەری یەکێتی و پارتی فشاریان لەسەر کارمەندەکانی کۆمیسیۆن و نوێنەری حزبەکان دانا تا ئەو 1650 پسوڵەیە بە بەڵێ پڕ کرایەوەو خرایە سندوقی دەنگدانەوە .(2).کەواتە حزبە حاکمەکانی کۆردستان پەندیان لە ئەزمونی هەڵبژاردنی سەرەتای ساڵی 2005 وەرنەگرتووە و کارناکەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی پا نزەی دیسەمبردا جارێکی تر لیستی ڕەشی یۆئێن بەرۆکمان نەگرێتەوە ، هۆکاری ئەم کارنەکردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبە دەسەڵاتدارەکان گرنگی بە بەرژەوەندی نەتەوەیی نادەن و ئامادەنین بنەماکانی سیستەمی دیمۆکراسی و پێوانەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پەیڕەوبکەن و بەردەوامن لە سەر پێشێلکردنی یاسا . هەر شکست و پاشەکشەیەکیش جارێکی تر بەرۆکی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بگرێت ،ئەوان وەك جاران خۆیان بە بەرپرس نازانن و تاوانەکە دەخەنە گەردنی ناحەزان و دۆژمنانی کورد .

ئەگەر ڕەوش وابێت ، یەکێتی و پارتی وەك جاران هەڵسوکەوت لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن ، ئەرکێکی نەتەوەیی و دیمۆکراتی چاوەڕوانی هێزە سیاسیەکانی دەرەوەی ئەو دوو حزبە و کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی گۆڕەپانی خەبات دەکات . لە لایەکی ترەوە توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردستان بە تاییەتی ژنان و گەنجان ئەرکی مێژوویی بانگیانئەکات تا ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئایندەدا یەکلاکەرەوە بێت ، ئەو کەس و لایەنانەی کە سیاسەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانیان قبووڵنیە ، بەوەی کە بەدەم پرۆسەکەوە بچن و دەرفەت نەدەن نوێنەرانی حزبە دەسەڵاتدارەکان پسووڵە سپیەکان بۆ خۆیان پڕبکەنەوە . ئەبێ کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەرکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و یاسایی خۆیان فەرامۆش نەکەن و ڕێگە نەدەن کەسانی نەزان و دواکەوتوو لەکە لەسەر ناوچەوانی خەباتی دیموکراسی گەلی کورد تۆمار بکەن . نوێنەری حزبە سیاسیەکان ، ئەبێ بە بیریانبێتەوە کە حزب بۆ خزمەتی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەو توێژە چەوساوەکانی گەل پێکهاتووە ، نەك بۆ خزمەتی تاکێکی دڕندە و خێزانێکی تاییەت و بنەماڵیەك ، دەست لە ساختەکاریەکانی هەڵبژاردنی ڕابوردوو هەڵگرن و بەرژەوەندی باڵای گەلی کورد لە سەرووی بەرژەوەندی حزبەکەیانەوە دابنێن ، چونکە هەڵبژاردنێکی پاك لەم قۆناغەدا هێندەی شۆڕشێکی گەلی کورد سوود بە پرسی گەلەکەمان دەگەیەنێت ، هەڵبژاردنێکی ساختەکاری کە بخرێتە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هێندەی شکستی شۆڕشێك زیان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان دەگەیەنێت .

لەم سەردەمەی جیهانیبوندا ، خەباتی دیموکراتی و جەماوەری و دیپلۆماسی شوێنی تێکۆشانی چەکداری و بەکارهێنانی توند و تیژیان گرتوەتەوە ، ئەم خەباتە نوێیەش پێویستی و زەمینەی لەباری

خۆی هەیە کە جیاوازن لە پێویستیەکانی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی ، هەر دەسەلاتداریەکی جیهان تا باشتر پێوانەکانی سیستەمی دیموکراتی لە بڕیار و هەلسوکەوت و کردارەکانیدا ڕەنگبداتەوە ، باشتر دەتوانێت ماف و ئامانجەکانی بەدەستبخات و نەتەوەکەی لە شێوە جیا جیاکانی چەوسانەوە ڕزگاربکات ، ئەگەر چاوێك بە جۆری سیستەمە سیاسیەکانی دەولەتانی دنیادا بخشێنین و بەراوردێك لە نێوان جۆری سیستەم و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی ئەو ولاتانەدا بکەین بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سیسەتەمە دیموکراتەکان چەند قۆناغێك لە پێش سیستەمەکانی ترەوە هەنگاو دەنێن . بە واتایەکی تر دەتوانین بلێین کە لەم سەردەمەدا تەنها خەباتی دیموکراسیانە فریای چارەسەری کێشەکەمان دەکەوێت ، ئەو خەباتەش چەندان پێوانەو بنەمای هەیە ، یەك لەو بنەماو پێوانانە هەلبژاردنی بێ غەل و غەشە . بۆیە دەبێت هەرکەس و لایەنێکی سیاسی خۆی بە دلسۆزی گەلی کورد بزانێت قۆلی خەباتی هەلبژاردنی پاك و تەمیزی لێهەلکات و وا بزانێت ئەم ئەرکە بەرامبەری ئەرکی پێشمەرگایەتی جارانە ، هەروەها ئەبێ هەموو کەس ئەوەش بزانێت ، هەر تاکێك لە هەلبژاردندا ساختە بکات پێی خۆشبێت و پێی ناخۆشبێت ئەوە ڕۆلی جاشی جاران دەبینێ ، ئەو لایەنە سیاسیانەش کە هانی ئەندام و کادرەکانیان ئەدەن تا لە کاتی هەلبژاردندا بۆ بەرژەوەندی حزبەکەیان کاری ساختە ئەنجامبدەن بیانەوێت و نەیانەوێت ڕۆلی گەلەجاش دەبینن و بەرامبەر دۆزی ڕەوای گەلی کورد خیانەت دەکەن .

---

1. کۆبونەوەی ڕیکخراوی ئیفس –سلێماتی – 26-9-2005

2. وتەی چاودێرێکی حزبی دەسەلاتدار .